Barnmorskemottagningar, Regionhälsan
Patientinformation Tyreoidea översatt till sorani
2025-01-31

# بۆ ئەوانەی دووگیانن و تێکچوونێک لە غودەی دەرەقییاندا هەیە

لە سەرەتای دووگیانیدا مامان پشکنینی خوێن (TSH) بۆ هەموو ژنێکی دووگیان دەکات، بۆ چۆنیەتی کارکردنی غودەی دەرەقی. دۆزینەوە و چارەسەرکردنی هەردوو کارکردنی نزم و بەرزی غودەی دەرەقی شتێکی گرنگە.

### لەوانەیە غودەی دەرەقی بە شێوازی جۆراوجۆر کاربکات:

- ڕەنگە کارکردنی غودەی دەرەقی بە تەواوەتی ئاسایی بێت.
- نزمی کارکردنی غودەی دەرەقی (کەمی غودەی دەرەقی) واتای نزمی هۆرمۆنی غودەی دەرەقی (تایرۆکسین) دەگەیەنێت و لەو حاڵەتەدا ئاستی TSH بەرزە. ئەمەش باو و ئاساییە. بە دەرمانی لیڤاکسین (®Levaxin) چارەسەر دەکرێت.
- ڕەنگە کارکردنی غودەی دەرەقی زۆر بەرز بێت (هایپۆتایرۆید) لەو حاڵەتەدا کەسەکە تایرۆکسینی زۆرە. جا لەم حاڵەتەدا TSH کەمە. ئەم حاڵەتە کەمتر باوە لە چاو نزمی کارکردنیدا. هەندێک جار کەسەکە پێویستی بەوەیە دەرمانی بدرێتێ یان نەشتەرگەری بۆ بکرێت.
- ڕەنگە کەسەکە غودەی دەرەقی بەتەواوی ئاسایی کاربکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرەتای دووگیانیدا پرۆڤەکە لادانێکی تێکەوێت کە ئاسایی نەبێت. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە جەستە کۆمەڵە هۆرمۆنێکی تر بەرهەم دەهێنێت کە لە کاتی دووگیانیدا ئەنجامی پرۆڤەکە "ڕەنگە سەرتێکدەرانە" بێت و بە هەڵە ئاماژە بەوە بکات کە کارکردنی غودەی دەرەقی ناتەواوییەکی تێدایە. ئەم حاڵەتە بە دووبارە وەرگرتنەوەی پرۆڤێکی تر دەردەکەوێت.

VÄSTRA GÖTALANDSREGIONEN

□ ڕێژەی غودەی دەرەقی بە تەواوی ئاساییە.

□ ڕێژەی TSH بەرزە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە غودەی دەرەقی کارکردنی نزمە.

□ ڕێژەی TSH نزمە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێترکە یان کارکردنی غودەی دەرەقی بە تەواوی ئاساییە، بەڵام ڕێژەکەی لادانێکی کاتی تێدایە، یان کارکردنی غودەی دەرەقی بەرزە. لەو حاڵەتەدا پەیوەندیت پێوە دەکرێت سەبارەت بە وەرگرتنی پرۆڤی تر و ئەگەری ئەوەش هەیە کە لە پزیشکەوە زانیاریت پێبدرێت.

## ئەگەر کارکردنی غودەی دەرەقی نزم بوو و پێویستت بە لیڤاکسین Levaxin® هەبوو

زۆرێک لە ژنانی دووگیان بە لیڤاکسین Levaxin® چارەسەر کراون و هیچ مەترسییەکی بەرچاو بە هۆی چارەسەرکردنەکەوە لە کاتی دووگیانیدا لە ئارادا نییە. ڕەنگە هەندێک لە ژنان دوچاریی کاریگەری نەخوازراو ببن، وەک دڵەکوتێ، هەستکردن بە گەرمی یان لەرزین، بەڵام لە هەموویان باوتر هەستکردنە  بە دۆخێکی ئاسایی لە کاتی چارەسەرکردندا بە لیڤاکسین Levaxin®.

زۆرجار پێویست دەکات لە میانەی دووگیانیدا ئەندازەی لیڤاکسینLevaxin ® گۆڕانکاری تێدا بکرێت، هەر بۆیە مامانەکەت بەردەوام پرڤی TSH وەردەگرێت، زۆربەی کات تا هەفتەی 25ی دووگیانی.

پێش لەدایکبوون تۆ زانیاری وەردەگریت سەبارەت بەوەی کە ئایا/چۆن دوای لەدایکبوونی منداڵەکەش پێویست دەکات دەرمان وەرگریت.

□ تۆ ڕەچەتەی ئەلیکترۆنیت وەرگرتووە بە  ئەندازەی....... میکرۆگرام/ڕۆژ.

□ پێویست دەکات ئەندازەی دەرمانەکە بگۆڕیت لە....... میکرۆگرام/ڕۆژ بۆ.......میکرۆگرام/ڕۆژ

□ تۆ تەواوکاری بۆ ڕەچەتە ئەلیکترۆنیەکەی دەرمانەکەت کراوە بە.......میکرۆگرام/ڕۆژ تاکو لەگەڵ ئەندازە کۆنەکەی پێشووتدا پێکەوە بیانخۆیت بۆ ئەوەی کۆی گشتی ببێت بە.......میکرۆگرام/ڕۆژ.

□ پێویستە لەسەر ئەندازەکەی ئێستات بمێنیتەوە....... میکرۆگرام/ڕۆژ

□ دوای منداڵبوون، پێویستە ئەندازەکەی بگۆڕیت بە....... میکرۆگرام/ڕۆژ

**پلانمان داناوە پرۆڤی خوێنی داهاتووت لێوەرگرین دوای نزیکەی هەفتە.**

---

مامانەکەت لە کات و شوێنەکە ئاگادارت دەکاتەوە.

**بۆ ئەوانەی کە بە دەرمانی لیڤالسین ®Levaxin چارەسەر دەکرێن**

لەبیرت بێت کە نابێت ئەو دەرمان و گیراوانەی ئاسنیان تێدایە هاوکات لەگەڵ لیڤاکسیندا پێکەوە وەرگیرێن، چونکە ئاسن هەڵمژینی تایرۆکسین کەمدەکاتەوە. ئەگەر هەردوو دەرمانەکە واتە لیڤاکسین و ئاسن پێکەوە بخۆیت – دەشێت لانیکەم دوو کاتژمێر لە نێوان دەرمانوەرگرتنەکاندا هەبێت.